# داری هیــوا

## شیعر بــۆ منداڵان

**ناوی کتێب : داری هیوا**

**بابەت : شیعری منداڵان**

**نووسینی : ڕۆستەم خامۆش**

**پیت چنین : باوکی هێدی**

**نەخشەسازی بەرگ : باوکی هانا**

**نۆرە و ساڵی چاپ : یەکەم ٢٠١٧**

**تیراژ : (١٠٠٠) دانە**

**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان ژمارەی سپاردنی ( ٧١٨ ) ی**

**ساڵی ( ٢٠١٧ ) ی پێدراوە .**

..............................................................

**مافی بڵاوکردنەوەی پارێزراوە بۆ سەنتەری مەدینە بۆ فێرکردنی فەرموودە**

**سەنتەری مەدینە بۆ فێرکردنی فەرموودە، پرۆژەی ژمارە ( ١٥ )**

شیعر بــۆ منداڵان

# داری هیــوا

رۆستەم خامۆش

چاپی یەکەم

**بەناوی خودای بەخشندەی میهرەبان**

# پێشەکی

**منداڵە خۆشەویستەکان .. ئازیزانی دایە و بابە .. پەپوولەکانی باخچەی ژین ،شەیدایانی پەرتووک ، لەدڵڕا خۆشم دەوێن .بە ئومێدم هەردەم بەختەوەر وتەندروست بن ، ئەم کۆمەڵە شیعرەم پێشکەشتان دەکەم ، وەك جوانترین دیاری دەیخەمە بەردەستی ئێوەی ژیرو ژیکەڵەو زێدە شیرین ، ئاواتەخوازم ، کە بە دڵتان بێ و سودو چێژو خۆشی لێ وەربگرن . پێم خۆشە ئەم پەرتووکە خۆشەویستەم بە وردی بیخوێننەوە .. دەستتان بەرەو ئاسمان بەرزبکەنەوەو رووتان لە خوای گەورە بێ و نزای خێریش بۆ من بکەن .**

**ڕۆستەم خامۆش**

**هەولێر ٢٠١٧/٧/٢٧**

# قورئانی بەڕێز

قورئانی بەڕێز ! ڕووناکی ژینم
هەردەم لە یادمی هاوڕێی شیرینم
بەختیاری دڵ و ئارامیی گیانی
چونکە فەرموودەی خوای میهرەبانی

قورئانی بەڕێز ! ڕۆشنایی ڕێگام
بەرز و پیرۆزی لەگەڵتا ئاشنام
هەمیشە لە نێو هزر و دڵمدای
تۆ خۆشەویستی و پەیامی خودای

قورئانی بەڕێز ! هێنەری شادی
سەرچاوەی ژینی ئاشتی و ئازادی
هاوڕێتم هەردەم لە بیرت ناکەم
هەر تۆی ئازیزی دڵ و گیانەکە

# موحەممەد

موحەممەد تۆم خۆش دەوێ

لە بیرمی ڕۆژو شەوێ

لە نێو دڵ و گیانمی

ڕۆشنایی ڕێی ژیانمی

تۆ پەیامبەری ( باری[1] )

سەرکردەی بۆ ڕزگاری

لە ناوت برد زۆرداری

هێنات خۆشی و بەختیاری

ئەی خۆشەویستی خودا

قەت لە ڕێت نابم جودا

هەتا هەم لەم دونیایە

دڵم بۆ تۆ شەیدایە

هەولێر ٢٠٠٨

---

[1]) باری : یەکێکە لە ناوە پیرۆزەکانی خودا

# من

من منداڵی کوردستانم

بە گیان و دڵ موسڵمانم

من سەربەرزم لەم جیهانە

من ئاسودەم لەم ژیانە

چونکە دڵم پڕ ئیمانە

هاوڕێم لەگەڵ ئەم قورئانە

هەتا هەم بێ هۆش و بیرم

هەتا هەم بێ مێشك و ژیرم

من هەر دەڵێم : موسڵمانم

سەربڵندی گشت جیهانم

هەولێر ٢٠٠٨

# قورئان

قورئان دەستوری ژینە

ڕووناکی سەر زەمینە

پەیامی بەرزی خوایە

بۆ گیان و دڵ چرایە

قورئان یاساو پەیامە

ڕێی ناسینی ئیسلامە

ڕۆشنایی هۆش و بیرە

هەرکەس بیخوێنێ ژیرە

قورئان چەشنی هەتاوە

لە گشت شوێنێ بڵاوە

وەرن منداڵان هەموو

بیکەن بە هاوڕێتان زوو

هەولێر ٢٠٠٨

## کتێبی خوا

قورئان کتێبی خوایە
بۆ ژیان وەك چرایە
قورئان سەرچاوەی دینە
باشترین ڕێگەی ژینە
ئێوەش منداڵانی ژیر
ئەوانەی بە هۆش و بیر
وەرن بخوێنن قورئان
پەیامی خوای میهرەبان

# سوپاس ئەی خودا

سوپاس ئەی خودا ، من موسڵمانم

لە سایەی ئیسلام من ڕەوشت جوانم

پێغەمبەرەکەم خۆشەویستە لام

لەسەر ڕێی ئەوم هەتا لە دونیام

هەمیشە دۆست و ئاشنای قورئانم

بۆیە ڕووناکە ڕێگای ژیانم

دەزانم قورئان پەیامی دینمە

ئارامیی دڵ و ڕۆشنایی ژینمە

هەتا من هەم بێ ، باوەڕی بەهێز

هەردەم دەیخوێنم قورئانی بەڕێز

منی منداڵی ژیری موسڵمان

هەر دەڵێم : سوپاس خودای میهرەبان

# ئاشنا بووم

ئاشنا بـووم لـەگـەڵ قورئـان

لـەگـەڵ پـەیـامـی ئاسمـان

قـورئـان کـتـێـبـی خـوایـە

بــۆ ســەرزەمـیـن چـرایـە

هـەرکـەس قورئان بخوێـنـێ

شـــادی لــە دڵ دەبـیـنــێ

بـۆیــە دەڵـێـم : مـنـداڵان

ئـەی پـــاکـتـرین هـەڤاڵان

دەی وەرن بـا هـەمـوومـان

ببیـنـە دۆسـتـی قـورئـان

# سەعید نورسی

زانابوو ، سەعید نورسی

دەیان کتێبی نووسی

زیرەك ، نووسەرێکی ژیر

هەتا بڵێی : ڕۆشنبیر

بلیمەت ، تێگەیشتوو بوو

پیاوێکی هەڵکەوتوو بوو

ئەو نووسەرو بیرمەندە

جێگەی شانازی کوردە

عەقڵی مەزن ، دانا بوو

دڵی شوێنی بڕوا بوو

بە گیانی پڕ لە ئاوات

ژیانی کردە خەلات

تەنها بۆ دینی ئیسلام

باشترین ڕێگە و پەیام

هەولێر ٢٠١٠

# وەرن

وەرن منداڵانی جوان

گوێڕادێرن بۆ قورئان

قورئان چرای ژیانە

ئارامیی دڵ و گیانە

ئێوەی ڕۆڵەی کورد زمان

زارۆی ژیری موسڵمان

نەوەی سەلاحەددینن

هەردەم دۆستی ئایینن

بۆیە دەڵێم : خێرا بن

گوێڕایەڵ و وریا بن

گشت ساتی ڕۆژ و شەوان

ببنە هاودەمی قورئان

# ساڵی کۆچی

ئەمڕۆ شـادی و خـۆشییـە

سـەری سـاڵـی کـۆچییـە

لـەگـەڵ تیشکـی ئـاسۆی ڕوون

سـاڵـێکـی نـوێ هـاتـە بوون

لـە ڕۆژی هـیـجـرەتـدا بـوو

سـاڵـی کـۆچـی پـەیدا بـوو

پێـغـەمبـەر لـەگـەڵ یـاران

یـارانـی دۆسـتـی قـورئـان

کـۆچیـان کـرد بـۆ مـەدینـە

بـۆ ئـەو شـارە شیـرینـە

# ئەی قورئان

ئەی قـورئـانـی پـڕ لـە سـۆز

بـەرزو بـەڕێـزو پـیـرۆز

هـەمیشـە مـن ئـاشـنـاتـم

تـاکـە ڕێگـای نـەجـاتـم

قـورئـان ڕۆشـنـایـی ژیـنـم

هـەر تـۆی لـە دڵ شـیـریـنـم

دەڵێـم : چـرای ژیـانـی

ئـارامـیـی دڵ و گـیـانـی

تـۆ پـەیـامـی ئـاسـمـانـی

ڕوونـاکی گـشـت جـیـهـانـی

# ئەستێرە

شــەوێك من چووم بـۆ سـەربـان

بـۆ ســەیری جوانیـی ئـاسمـان

تــەمــاشـــام کــرد بــە وردی

هـــــەزاران ئــەســتــێــرەم دی

گــوتـم هــەر چــەنــد بڕوانـم

ژمـــــارەیـــــان نــــــازانــم

تــەنـهـا خـودای بــەخـشــنـده

هــەر خــۆی دەزانــێ چــەنـدە

هەولێر ٢٠١٣

# گەشتی ئاسمان

پێغەمبەری سەروەرمان
پێشەوا و تاجی سەرمان
موحەممەد ڕەحمەتی ژین
ڕووناکی سەر ڕووی زەمین
ڕۆیی بۆ گەشتی ئاسمان
بۆ لای خودای میهرەبان
هاوەڵی بوو فریشتە
کە ڕۆیی بۆ ئەو گەشتە
لەو گەشتەی دوور و درێژ
بۆی هێنایین بە دیاری نوێژ

# کاتی بانگ

کاتی بانگی پیرۆزە

دەنگێکی چەند بە سۆزە

هەرکە من گوێم لێ دەبێ

خۆشی بۆ نێو دڵم دێ

بە جوانی دەستنوێژ دەشۆم

ڕێک بۆ مزگەوت دەڕۆم

فەرمانی خودای مەزن

بە جێی دێنم : بە دڵ .. من

نوێژ پڕ لە سود و کەڵکە

لەسەر موسڵمان ئەرکە

هەولێر ٢٠١٢

## سلاْو ڕۆڵەکەم

سلاْو ڕۆڵەکەم ، ئەی منداڵی ژیر
تۆی موسڵمانی خاوەن هۆش و بیر
دەروونت پاکە ، وەك ئاوی کانی
بە گیان و بە دڵ دۆستی قورئانی
پۆشاکت خاوێن ، ڕوو لە مزگەوتی
لای کەسانی ژیر تۆ خۆشەویستی
ڕێگات ڕۆشەنە ، ڕێی یەك پەیامە
ئەویش پەیامی دینی ئیسلامە

هەولێر ٢٠١٤/١/١٥

# هەڤاڵی شیرینم

وەرە ، وەرە هـــــەڤـــاڵـــم

بـە بیـنـیـنت خـۆشـحـاڵــم

تــۆی هـەڤــاڵــی شـیـریــنـم

مـوسـڵـمـانــی هــاودیــنـم

تـــۆ هـاوڕێـی دەروون پـــاکــی

ڕەوشـــت بـــەرز و زۆر چـــاکــی

هــەرکـاتــیٚ ، کــە بــۆ لام دێـی

دەڵـێـم : یـاخـوا بـەخـێـربـێـی

تـــۆ لــەلام خــۆشـــەویـســتـی

چـونـکـە دەبـێـژیـی : ڕاســتـی

هەولێر ٢٠١٤

# بابە سوپاست دەکەم

بـــابـــە  ســــــوپـاســـت  دەکـــــەم

مـــن  چـاکـــــەت  لـــە  بـیـر نــاکـــــەم

کـــاری  بــاشــــت   کـــــردوە  بــــــۆم

خـــۆشـــم دەویــــی    وەکـــو  خــــــۆم

بـــــابـــــە  تــــــۆ شـیــرینـی  لام

تــــۆ  ڕێـنـوێـنـی  بـــــۆ  ڕێــگـــام

فـێــرت  کــــــــــردم  دیـــنــــی  خـوا

قــــورئـــــــان ،  ئـیـســــــلام  و  بــڕوا

بـــــابـــــە  هـــــــەزاران  ســــــڵاو

پـــــڕبـــێ  لـــــە  بـــــۆنی  گــــوڵاو

دەیـــنــێـــــرم   بــــۆ تـــــۆی  گـــوڵـــم

خـــۆشـــــەویــســـتــی   نێـــو  دڵـــم

هەولێر    ٢٨/٥/٢٠٠٨

# پێغەمبەران

پێغەمبەرانی بەڕێز
باوەڕدارانی بەهێز
بیست و پێنجن ئاشکرا
لە زەمین بوونە چرا
ناویان هەیە لە قورئان
بە چیرۆکی زۆر جوان
بەهێز و بیرو بڕوا
بۆ بەرزی پەیامی خوا
هەوڵ و کۆششیان داوە
زەحمەتیان زۆر کێشاوە

هەولێر ٢٠٠٨

# ئایەتی قورئان

ئــەوەی ئــارامیــی گیــانــە

بــەس ئــایــەتــی  قورئــانــە

چونکە فەرمموودەی خوایە

بــۆگشــت دەردێ شیــفــایــە

قــورئـــان ڕوونـــاکـــی دڵــە

بۆنــی خــۆشــتــر لــە گوڵــە

هــەمیشــە دەبــمــە هــاوڕێــی

پێی دەڵـێم : خـۆشم دەوێی

دەڵێم : قــورئـــان شیــرینــی

ڕێــبـــازی دیـــــن و ژیــنی

ئەوەی کــە بــۆت ئــاشنــایــە

خۆشــەویســتــی  خودایــە

هەولێر ٢٠١٠

# من كوردم

کوردی زمان شیرینم

ڕۆڵەی گەلی دێرینم

شانازییە من کوردم

وەك چیا سەربڵندم

خاوەن خاك و ئایینم

نەوەی سەلاحەددینم

منی ڕۆڵەی موسڵمان

خۆشم دەوێ نیشتمان

شەیدام بۆ کوردستانم

جێی باب و باپیرانم

# ڕێگەی ڕۆشنایی

منم ئەو منداڵەم بیرم ڕووناکە
هەردەم ڕاستگۆمە دەروونم پاکە
کردارم چاك و ڕەوشتم جوانە
هاوڕێی مزگەوتم ڕووم لە قورئانە
باوکی بەڕێزم نوێژی فێرکردم
بچووك بووم لەبۆ مزگەوتی بردم
قورئانی کردە دۆستی هەمیشەم
گوتی : بخوێنە ، ئەی جگەرگۆشەم
منیش ، کە خوێندم قورئانی پیرۆز
گوتم : زۆر سوپاس ، ئەی باوکی بەسۆز
بەڕاستی ڕێگەی ڕوونت پیشاندام
ڕێگەی ڕۆشنایی قورئان و ئیسلام

# پاکە ناخم

منداڵـم وەك پەپـوولـەم

پـاكـە نـاخـی ئـەو دڵـەم

ڕق و كـیـنـــە نـازانـم

چـونـكـە مـن مـوسـڵـمانـم

ئـــەوەی زمـــانـم دەیـڵـێ

لــە نێــو دڵــم دەردەچـێ

ڕاسـتـبـێـژم پـاكـە نـاخـم

چەشـنی گوڵی نێـو بـاخـم

# پێغەمبەری مەزن

ئـەی پـێـغــەمـبــەری مــەزن

خـــۆشـــەویـــســتـــی دڵـــی مـــن

نـــاوت گـــەش و جـــوانـــە

وەك ئەسـتـێـرەی ئـاسـمـانـە

ســـەرداری گـشــت جـیـهـانـی

ڕوونـــاکـــی ڕێـــی ژیـــانـــی

دەڵـێـی خـــۆری ئـاسـمـانـی

یـاخـــود ، مـاهـی تـابـانـی

خـــۆت و قـــورئـــان خـــەڵاتـــن

وەکـــو ڕەحـــمـــەتـێ هـــاتـــن

بــەرنـامــەت بــۆتـــە ڕێـگـام

لــەســـەر ئـاییـنـی ئـیسـلام

هەولێر ٢٠١٢

# چوار جێنشین

چوار جێنشینی دڵپاك و بەڕێز
خاوەنی بیر و باوەڕی بەهێز
یەکەم جێنشین ئەبوبەکر بوو
لە نێو ئەشکەوتا لای پێغەمبەر بوو
دووەم جێنشین پێشەوا عومەر
لێزان و ئازا ، بەڵێ ، دادپەروەر
سێیەم جێنشین پێشەوا عوسمان
شەرمیان لێ دەکرد فریشتەی ئاسمان
چوارەم جێنشین پێشەوا عەلی
بەڕاستی ژیر بوو ، خواناس و وەلی

# بنچینەکانی ئیسلام

ئێمەی منداڵی دڵپاک

خاوەن ژیرو بیری چاک

هەمیشە ڕەوشت جوانین

ڕاستبێژین ، موسڵمانین

بنچینەکانی ئیسلام

دەزانین ، دەیدەین وەڵام

یەکەم شاهێدی دانە

بە خوا و پێغەمبەرمانە

نوێژو حەج و ڕەمەزان

ئەویتریش زەکات دان

هەولێر ٢٠١٣

# تۆی پێشەوا

ئەی موحەممەد سەروەری من

ئەی پێغەمبەر ، ڕابەری من

خۆشم دەوێی ئازیزەکەم

تۆی پێشەوا و سەرکردەکەم

بەڵێ ، من باش تۆ دەناسم

ئەی پەیامبەر ، باوکی قاسم

مێژووی ژینی تۆ ، کە نووسرا

زۆر بە جوانی تۆمارکرا

ئەی ڕووناکی هەموو دونیا

باشترین کەس ، هەر تۆی تەنیا

خۆشەویستم ئەی پێغەمبەر

ڕێبازی تۆم گرتۆتەبەر

هەولێر ٢٠١٢/١١/٩

# پارشێو

دایە و بابەی شیرینم

ئێوەن ڕۆشنایی ژینم

پارشێو هەڵمبستێنن

لە خەو بە ئاگام بێنن

بە ڕۆژوو دەبم سبەی

تا منیش بڵێم : ئۆخەی

شەو ، کە بڕیارم داوە

بە دڵ نیەتم هێناوە

ڕۆژوو ئەرکە لە سەرمان

خۆشەویستە لە دڵمان

ڕۆژوو پایەی ئایینە

چرای بڕوای بەتینە

ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان

فەرزە لە سەر موسڵمان

هەولێر ٢٠١٤/٧/١٤

# ڕەوشت

ڕەوشت باش و جوانم
چونکە هاوڕێی قورئانم
قورئان بوو وای لێ کردم
بەرەو ڕووناکی بردم
ڕێگەی باشی نیشاندام
بۆ چاکە خوازی هاندام
بۆیە مەرد و بەهێزم
لە ناو خەڵکی بەڕێزم
هەزارارن سوپاس بۆ تۆ
قورئانی بەرز و شکۆ
ڕۆشەنت کرد ژیانم
ئۆقرەت بەخشی بە گیانم

هەولێر ٢٠١٤/٧/١٠

## ڕەمەزان

مانگی گەورەی ڕەمەزان

خوا قەبوڵی کا لێمان

پڕ خێر بوو ڕۆژەکانی

ئاوەدان بوو شەوانی

بەڵام وا کۆتایی هات

ڕەمەزانی شاخەڵات

پێمان دەڵێ : خواحافیز

موسڵمانانی ئازیز

هەتا دێمەوە لاتان

ماڵئاوا لە هەمووتان

هەولێر ٢٠١٢

# من زارۆی موسڵمانم

مـــن زارۆی مـــوســـڵـمـــانـــم
دەســتـــپـــاك و بـــە ئـــیـمـــانـــم
نـــاخـــی دڵـــم خـــاوێـــنـــە
هـــەر بـــە چـــەشـنـی ئـــاوێـنـــە

مـــن زارۆی مـــوســـڵـمـــانـــم
مـــن خـــەڵـــكـی كـوردســـتـــانـــم
كـــوردم و كـــورد زمـــانـــم
ئـــازیـــزە نـیـشـــتـمـــانـــم

مـــن زارۆی مـــوســـڵـمـــانـــم
هـــەردەم دۆســـتـی قـــورئـــانـــم
ڕێـــگـــەی ژیـــنـــم ڕوونـــاكـــە
چـــونكـــە ئـــاییـــنـــم چـــاكـــە

هەولێر ٢٠١٧/٤/٢٢

# جگەرگۆشەکەم

جگـەرگـۆشــەکـەم گـوڵــە

ئـــارامیـی گــیـــان و دڵــە

ئـــاوەدانـــی نێــو مــاڵــە

فـێـنـك وەکـو شـەمـاڵـە

لــە ڕۆحــمــایــە ئــەوینــی

شــــادم بــە پـێـکـەنینـی

خــۆشــم دەویٚ پـڕ بــە نــاخ

پـەپـوولـەی گـوڵـزارو بــاخ

ئــەو کـۆرپــە ژیــر و جـوانــە

دیــاریـی خـوای میـهـرەبـانــە

## ئەز بسلمانم

**کوردم ، دبێـژم : ئـەز بـسـلـمـانـم**

**هەردەم هەڤـال و دۆسـتا قـورئـانـم**

**ئیسـلام ئـاییـنـا بە هـەڤـڕا ژیـنـە**

**ڕوونـاهـیـا چـاڤ و تــژی ئـەڤـیـنـە**

هەولێر ٢٠١٧/٧/٢٧

***

## هێدی و هانا

**هێدی و هانا خــوشـــك و بـــران**

**لـــە نێـو مـاڵـــدا وەكـو چـــران**

**کـــاتـــێ چـــاوم دەیـــان بیـنـــێ**

**هیـچ خـــەمێـکـم لانـــامێـنـــێ**

# ئیـرەیـی

ئیـرەیـی نـابـەم بـە کـەس
چـونکـە دڵـم پـاکـەو بـەس

دەروونـــم زۆر خــاوێـنــە
جوانـە ، وەك ڕووی ئـاوێـنــە

دڵـــم بـــێ ڕق و کـیـنــە
پـڕ لــە ســۆزو ئـەویـنــە

هـەمـوو خەڵـکـم خـۆشدەوێـن
لە هەر جێ بـن ، لە هەر شـوێـن

هەولێر ٣/٨/٢٠١٧

# داری هیـوا

مـنـدالآنـــی لێـهـاتـوو

ئێـوەن نـــەوەی داهـاتـوو

مـنـدالآنـــی بـــەهــرەدار

ئێـوەن زیـرەك و هـۆشـیــار

بـــۆ نـیـشـتـمـان و ولآت

ئێـوەن ئـومێـد و ئـاوات

چـونـکـە هـەردەم چـالاکـن

بـــۆ ئـایـیـنـدە ڕوونـاکـن

بەڵـێ ، پێنـووس و پـەرتـووك

ئـێـوەی کـردووە چـا پـووك

ئێستا گـەشـبـیـن دەخـوێـنـن

داری هـیـــوا دەڕوێـنــن

# ئاشتی

ئـاشـتـی هیـوایـە بـۆ هـەمـوو گەلان
ئـاشـتی شـادیـیـە بــۆ هـەمـوو دڵان

بــۆیــە دەبـێـژیـن : ئا .. بژی ئاشتی
بـە بـرایـەتــی و دادگـەری و ڕاستی

لـە سایەی ئاشتی دوور لـە شەڕ دەبیـن
ئــارام دەژیــن و بـەخـتـەوەر دەبیـن

چـونـکـە پێشکەوتن بـە ئاشتی دەبـێ
بەڵـێ ، بـە ئاشتی خۆشبـەختی دەبـێ

## دەخوێنمەوە

دەخوێنمەوە ، دەخوێنمەوە
پەرتووکی باش دەخوێنمەوە
منی زارۆی ژیر و بچووک
هەردەم هاوڕێم لەگەڵ پەرتووک
هەتا بیرم فراوان بێ
ڕێگەی ژینم ڕێك و جوان بێ
دەخوێنمەوە هەر بۆی شەیدام
لەگەڵ پەرتووك من هەر ئاشنام

هەولێر ٢٠١٤

لە ژمارە (١٥٧) ی ڕۆژنامەی ( پردێی ئازاد ) بلاوكراوتەوە لە ٢٠١٧/٦/٣٠

# ئێمەی کورد

ئێــمــەی کــوردی خــاوەن خــاك

ئێــمــەی گــەلــی دەروون پــاك

نیـشـتـمـانـمـان دێــریـنــە

کــوردســتــانــمــان شـیـریـنــە

خــۆشــمــان دەوێ زێـدمــانــە

جێــی بــاب و بــاپـیـرمــانــە

ئێــمــەش مــافــی خــۆمــانــە

سـەربـەسـت بیـن لـەم جیهـانــە

# خاوەن پێداویستی

ئـــەی خـــاوەن پێــداویـــستـــی

بـــەڕێـــز و خـــۆشـــەویـــستـــی

نـاڵێـــم کـەمئـەنـدامـی ، تـــۆ

نـاڵێـم لـــــەلامـــــان بـــڕۆ

دەڵـــێـــم : وەرە بـــــــۆ لامــان

یـــاری بکـــەیـن هـــەمـــوومـــان

تـــۆش مـــافـی خـــۆتـــە گـیـانـــە

شـــــاد بـــــژی لـــــەم ژیـــانـــە

پێــم بڵـێ چـیـت پێـویـستـــە

چیت ئـومێـد و مـــەبـــەستـــە

کـــاری تــــۆ بـــەســـەر چـــاوم

لــــە خــزمـــەتــت وەســـتـــاوم

هەولێر ٢٠١٢

# تالاسیمیا

منداڵێکی بێ نەوا
دڵی پڕ بوو لە هیوا
بە ئەسپایی دەگریا
کە هەیبوو تالاسیمیا
منیش گوتم : هاوڕێ گیان
گەشبین بژی لە ژیان
لێوانت پڕ خەندەکە
دەروونت ئاسودەکە
خەم لە نێو دڵت دەرکە
هاوکاریت دەکەم ئەرکە
دەبێ هەموومان لە ژین
بژین دڵ پڕ لە ئەوین
فرمێسکی یەکتر بسڕین
خۆشەویستی دەرببڕین

هەولێر ٢٠١٥

# هاوڕێیەکم

هاوڕێیەکم نەخۆش بوو
منیش چوومە سەردانی
چەپکێ گوڵیشم بۆ برد
لای دانیشتم بە جوانی

هاوڕێکەم دڵی شاد بوو
کاتێ ، کە من چوومە لای
گوتی : بەخێربێی هاوڕێم
بەڕاستی زۆر بە وەفای

منیش پێم گوت : هاوڕێکەم
پێویست بوو ، کە بێمە لات
نزای خێرت بۆ دەکەم
تا خودا شیفات بدات

هەولێر ٢٠١٧

# شۆفێر

ئەی شۆفێر خێرا مەڕۆ
ئارام بگرە و لەسەرخۆ
ڕێنمایی هاتووچۆ
هێما ببینە و بڕۆ

ئەی شۆفێر پەلەت نەبێ
با هەرگیز هەڵەت نەبێ
هەردەم دۆستی یاسابە
تۆ پابەندی هێمابە

ئەی شۆفێر باش بزانە
خێرایی هۆی زیانە
بۆیە هەر هێواش بڕۆ
بە پێی یاسای هاتووچۆ

هەولێر ٢٠١٢

# با تێبکۆشین

دەستمان لە نێو دەست بەرەو ڕزگاری
بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری

با هەر هەمووومان بڕۆین بخوێنین
ڕیشەی نەزانی لە بن دەربێنین

بەڵکو وەك گەلان ئێمەش پێشکەوین
بۆ لوتکەی زانست ، بڕۆین سەرکەوین

با تێبکۆشین بە ڕۆژو شەوێ
هەتا ولاّتمان بەرز دەرکەوێ

هەولێر ٢٠١٧

# ئێمەی قوتابی

ئێمەی قوتابی ژیـــرو بـە ئـاگـا
لەسەرخۆ دەڕۆین بەرە و خوێندنگـا

ئــەویٚ هێلانــەی ســەدان ئـاواتــە
تیشکـی زێـڕینـی خـۆری وڵاتـە

خوێندن چـرایە بـۆ ڕێی هەموومان
هێمـای بەرزیەتی گـەل و نیشتمان

تەنها بە خوێندن پێشکەوتوو دەبین
لـە گشـت جیهانا سەرکەوتوو دەبین

## شارێکی دێرین

هەولێر جوان و شیرینی

شارێکی زۆر دێرینی

جێی باب و باپیرانم

ئارامیی دڵ و گیانم

ئەی خاک و نیشتمانم

پایتەختی کوردستانم

خۆشم دەوێی وەک دیدەم

لە باوەشتا ئاسوودەم

# ڕاستگۆیی

ئەوکەسەی ، کە ڕاستگۆ بێ
بێ فێڵ و بێ درۆ بێ
بێگومان ڕەوشت جوانە
خۆشەویستی هەموانە
هەردەم ڕێزی گیراوە
ناڵێن بڕۆ بەولاوە
بانگی دەکەن بە ئازیز
لێی توڕە نابن هەرگیز
گوێ دەگرن لەبۆ قسەی
سوود وەردەگرن لە وتەی
دەزانن ڕاستی بێژە
بۆیە هێندە بەڕێزە

لە ژمارە ( ٤ )ی گۆڤاری ( جۆلانێ ) بڵاوکراوەتەوە لە زستانی ٢٠١٤

# پێرست

پێشەکی ........................................................ ٤
قورئانی بەڕێز .................................................... ٥
موحەممەد ........................................................ ٦
مـن............................................................... ٧
قورئان............................................................ ٨
کتێبی خوا......................................................... ٩
سوپاس ئەی خودا ................................................ ١٠
ئاشنا بووم........................................................ ١١
سەعید نورسی.................................................... ١٢
وەرن ............................................................. ١٣
ساڵی کۆچی ..................................................... ١٤
ئەی قورئان ..................................................... ١٥
ئەستێرە.......................................................... ١٦
گەشتی ئاسمان ................................................. ١٧

كاتی بانگ ........................................................... ١٨

سلاّو ڕۆڵەكەم ........................................................... ١٩

هەڤاڵی شیرینم........................................................... ٢٠

بابە سوپاست دەكەم........................................................... ٢١

پێغەمبەران ........................................................... ٢٢

ئایەتی قورئان ........................................................... ٢٣

مـن  كـوردم ........................................................... ٢٤

ڕێگەی ڕۆشنایی........................................................... ٢٥

پاكە ناخم........................................................... ٢٦

پێغەمبەری مەزن ........................................................... ٢٧

چوار جێنشین........................................................... ٢٨

بنچینەكانی ئیسلام........................................................... ٢٩

تۆی پێشەوا ........................................................... ٣٠

ڕەوشـت........................................................... ٣٢

ڕەمـەزان........................................................... ٣٣

من زارۆی موسڵمانم ........................................................... ٣٤

جگەرگۆشەكەم........................................................... ٣٥

ئەز بسلمانم .............................................................. ٣٦
هێدی و هانا .............................................................. ٣٦
ئیـرەیـی .............................................................. ٣٧
داری هیـوا .............................................................. ٣٨
ئاشتی .............................................................. ٣٩
دەخوێنمەوە .............................................................. ٤٠
ئێمەی کورد .............................................................. ٤١
خاوەن پێداویستی .............................................................. ٤٢
تالاسیمیا .............................................................. ٤٣
هاوڕێـیـەکـم .............................................................. ٤٤
شـۆفێـر .............................................................. ٤٥
با تێبکۆشین .............................................................. ٤٦
ئێمەی قوتابی .............................................................. ٤٧
شارێکی دێرین .............................................................. ٤٨
ڕاستـگۆیـی .............................................................. ٤٩
پێرست .............................................................. ٥٠